F3, 2nd Floor
Leemore Central Community
Hub
Bonfield Road
Lewisham SE13 5ES

تەلەفۆن - 4111 297 0208
ئیمەیل - info@afril.org.uk
وێبسایت - www.afril.org.uk

کارکردن بەبێ مۆڵەت - ڕاستینامە (Working Without Permission- Fact Sheet)

ئەم بەڵگەنامەیە لەلایەن ڕێکخراوی ئەکشن فۆ ڕیفیوجیس لە لوبشهام (AFRIL) دروست کراوە، کە ڕێکخراوێکی پشتیوانیکارە بۆ پەنابەران، پەناخوازە 'لاوازکراوەکان' لە باشووری ڕۆژهەڵاتی لەندەن.

ئەو زانیاریانەی لە خوارەوە هاتوون، مەبەست لێی پێشکەشکردنی ئامۆژگاریی یاسایی نییە، بەڵکو ڕێنمایی بۆ پەنابەران دابین دەکات بۆ ئەوەی بڕیاری ئاگایانە بدەن و دەستیان بە ماف و شایستەکانیان بگات.

حکومەتی شانشینی یەکگرتوو (UK) ڕایگەیاندووە کە **ڕێکاری تووند بەرامبەر ئەو داواکارانی مافی پەنابەری دەگرێتەبەر کە بەبێ مافی یاسایی کاردەکەن.** وەزارەتی ناوخۆ (Home Office) هاوبەشییەکی نوێی لەگەڵ کۆمپانیاکانی گەیاندنی خۆراک هەیە، وەک **دیلیڤەروو (Deliveroo)، ئوبەر ئیتس (UberEats) و جەست ئیت (Just Eat)**، کە پەنابەران دەکاتە ئامانج لەگەڵ زیادکردنی پشکنینی مافی کارکردن. هەروەها **مەترسییەکی گشتی هەیە بۆ هەر کەسێک کە بەبێ مافی کارکردن کار بکات،** لەگەڵ **زیادبوونێکی گشتی لە ژمارەی هەڵکوتانە سەری شوێنەکانی کارکردن لەلایەن هێزی جێبەجێکردنی کاروباری کۆچ (Immigration Enforcement) بۆ سەر زۆر شوێنی کارکردن** وەک شوێنەکانی بیناسازی، پارکەکانی ئۆتۆمبێل و کارواشەکان، دوکان و سەنتەرەکانی جوانکاریی نینۆک.

کارکردن لە شانشینی یەکگرتوو (UK) بەبێ مۆڵەت، بەپێی یاسای کۆچبەریی ساڵی ٢٠١٦، **بە تاوان دادەنرێت.** ئەگەر دەربکەوێت کە بەبێ مۆڵەت کار دەکەیت، ڕەنگە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە ببیتەوە. وەزارەتی ناوخۆ(Home Office) ڕایگەیاندووە کە ئەو کەسانەی دەردەکەون کە بەبێ مۆڵەت کار دەکەن، ڕەنگە **مافی وەرگرتنی پشتیوانی نیشتەجێبوونی پەنابەری و پارەی بژێوی لەدەست بدەن.** ئەمە هەروەها لەوانەیە **کاریگەری** لەسەر داواکارییەکەت بۆ مافی پەنابەری هەبێت.

زۆرینەی ئەو کەسانەی لە شانشینی یەکگرتوو (UK) داوای مافی پەنابەری دەکەن، مافی کارکردنیان نییە. ئەگەر دوای ١٢ مانگ چاوەڕوانی بۆ بڕیاردان لەسەر داواکارییەکەت بۆ مافی پەنابەری، دواکەوتنەکە 'هەڵەی تۆ نەبوو' (بۆ نموونە، هۆکارەکەی ئەوە نەبوو کە وادەیەکی دیاریکراوت بۆ وەڵامدانەوەی وەزارەتی ناوخۆ (Home Office بەسەرچووبێت)، تۆ دەتوانیت ڕاستەوخۆ داواکارییەک پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ(Home Office) بکەیت بۆ وەرگرتنی مافی کارکردن. ئەمە دەکرێت ١٢ مانگ دوای یەکەم داواکاری پەنابەریت بێت، یان ١٢ مانگ دوای پێشکەشکردنی هەر بەڵگە و داواکارییەکی تر (further submissions) بێت. ئەگەر داواکارییەکەت بۆ مافی پەنابەری ڕەتکرایەوە و تۆ تانەت لێدابوو (appeal)، ئەوا تۆ ناتوانیت داوای مافی کارکردن بکەیت.

من چۆن دەتوانم داوای مافی کارکردن بکەم؟

ئەگەر ماوەی ساڵێکە چاوەڕێی بڕیارێکیت لەسەر داواکارییەکەت بۆ مافی پەنابەری، و تۆ دەتەوێت مافی کارکردنت هەبێت، وە تۆ پارێزەرێکت هەیە، بیرۆکەیەکی باشە کە داوای یارمەتییان لێ بکەیت بۆ پێشکەشکردنی داواکارییەکە.

ئەگەر تۆ پارێزەرێکت نییە، دەتوانیت خۆت ئەم داواکارییە پێشکەش بکەیت بە پڕکردنەوەی فۆرمی 'داواکاری بۆ مۆڵەتی کارکردن' (PTW1). ڕێنماییکاری مافی مانەوە (The Right to Remain Toolkitt) ئەمەی خوارەوە لە خۆدەگرێت.

F3, 2nd Floor
Leemore Central Community
Hub
Bonfield Road
Lewisham SE13 5ES

تەلەفۆن - 4111 297 0208
ئیمەیل - info@afril.org.uk
وێبسایت - www.afril.org.uk

ئامۆژگاری و ڕێنمایی بەسوود لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەمە:
https://righttoremain.org.uk/applying-for-permission-to-work-asylum/

ئەگەر تۆ مافی کارکردنت پێدرا، گرنگە تۆ ئاگاداربیت کە تەنها ڕێگەت پێدەدرێت لەو کارانەدا کار بکەیت کە لە لیستی مووچەیی کۆچبەری (Immigration Salary List) دا هاتوون.
(https://www.gov.uk/government/publications/skilled-worker-visa-immigration-salary-list/skilled-worker-visa-immigration-salary-li). ئەمە لیستێکە لەو کارانەی کە کێشەی کەمی کارمەندییان هەیە لە شانشینی یەکگرتوو (UK) دا، ئەو کارانە زۆربەیان پسپۆڕیی بەرزیان دەوێت، بەڵام هەندێکیان ئاسانتر بەدەست دێن وەک کاری چاودێری یان بیناسازی.

مافی کارکردن چۆن کاریگەری لەسەر پشتیوانیی پەنابەری من (Asylum Support) دادەنێت؟

داواکارانی مافی پەنابەری دەبێت 'هەژار' (destitute) بن (نەتوانن لە ماوەی ١٤ ڕۆژی داهاتوودا پێداویستییە سەرەتاییەکانیان دابین بکەن) بۆ ئەوەی شایستەی پشتیوانیی پەنابەری بن. ئەگەر تۆ کاردەکەیت و تۆ زیاتر لە پارەی بژێوی پشتیوانیی پەنابەریت وەردەگرت (٩٠٩٥ پاوەند ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوونەکەت خواردن دابین بکات، یان ٤٩٠١٨ پاوەند ئەگەر خۆت خواردن ئامادە بکەیت)، وەزارەتی ناوخۆ(Home Office) بە ئەگەرێکی زۆرەوە پارەی پشتیوانیی پەنابەرییەکەت دەبڕێت. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە چیتر تۆ لە ڕووی یاساییەوە بە هەژار (destitute) دانانرێیت. ئەگەر داهاتەکەت بەشی کرێی شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت نەکات (و مافی بەکرێگرتنت نەبێت)، وەزارەتی ناوخۆ (Home Office) لەوانەیە داوات لێ بکات بەشدار بیت لە خەرجییەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی پەنابەرییەکەت.

ئەگەر تۆ پەنابەریت لە لویشهام (Lewisham) و ئامۆژگاریت لەم بارەیەوە دەوێت، تکایە پەیوەندی بە ڕێکخراوی ئەکشن فۆ ڕیفیوجیس لە لویشهام (AFRIL) بکە.

من چی بکەم ئەگەر دەرکەوت بەبێ مافی کارکردن کارم کردووە؟

ئەگەر دەرکەوت بەبێ مۆڵەت کار دەکەیت، گرنگە **بە زووترین کات ڕاوێژی یاسایی وەربگریت.** تۆ مافی ئەوەت هەیە کە وەرگێڕێکت بۆ دابین بکرێت لەلایەن پۆلیس یان کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ (Home Office).

ئامۆژگاریی یاسایی بەخۆڕایی هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە بە تاوان تۆمەتبارکراون و لەلایەن یارمەتیی یاسایی حوکمی (Legal Aid) پاڵپشتی دارایی دەکرێن. تۆ دەتوانیت پارێزەری خۆت هەڵبژێریت، **تۆ پێویست ناکات پارێزەری ئیشکگر (duty solicitor) قبوڵ بکەیت** (پارێزەرێک کە بۆ نوێنەرایەتیکردنی خەڵک لە بنکەی پۆلیسدا دادەنرێت). لە خوارەوە زانیاری لەسەر هەندێک پارێزەری ناسراوی بواری تاوانکاری هاتووە:

- کۆمۆنز لۆ (Commons Law) - 020 3865 5403
- هۆج جۆنز و ئالێن (Hodge Jones & Allen) - 0808 274 8226
- تی ڤی ئێدواردز (TV Edwards) - 020 3440 8000

ئەگەر تۆ پارێزەرێکی تایبەت بە کاروباری کۆچبەریت هەیە، دەبێت ئاگاداریان بکەیتەوە تا بتوانن ئامۆژگاریت بکەن سەبارەت بە هەر کاریگەرییەکی ئەگەری لەسەر کەیسەکەت.